Generalkonsulat
der Bundesrepublik Deutschland
Erbil

Stand: Januar 2023

# Visum zur Anerkennung ausländischer Berufsqualifikation (§ 16 d AufenthG)

ڤیزای دانپێدانانی کارامەیی پیشەیی بیانی

**(مادده 16d یاسای مانەوە)**

## Grundsätzliche Hinweise — چەند بنەمایەکی سەرەکی

- Unterlagen, die nicht in deutscher Sprache ausgestellt sind, müssen zusammen mit einer anerkannten deutschen Übersetzung eingereicht werden. Ausgenommen ist die Datenseite des Passes.
- Zeugnisse, Diplome o.ä. müssen im Original mit Apostille/ Legalisation eingereicht werden. Sie erhalten die Originale nach der Bearbeitung Ihres Antrags wieder zurück
- Das Visum bedarf der Zustimmung der zuständigen Ausländerbehörde. Das Visum kann erst nach Eingang dieser Zustimmung erteilt werden.
- **Die Regelbearbeitungszeit beträgt ca. 8 – 10 Wochen**, in Einzelfällen auch länger.
- Flugbuchungen sind zur Visumsbeantragung nicht erforderlich – bitte buchen Sie erst nach Erhalt des Visums.
- Die Vertretung behält sich vor, weitere Unterlagen anzufordern.
- Unvollständige Unterlagen verzögern das Verfahren und können zur Ablehnung führen.
- **Bitte sehen Sie von Sachstandsanfragen während der Regelbearbeitungszeit ab.** Sie stellen einen erheblichen Mehraufwand für die Visastelle dar und können daher nicht beantwortet werden.
- Alle Unterlagen (Merkblätter, Antragsformulare) sind kostenlos. Alle Informationen zum Antragsverfahren finden Sie auf der Internetseite des Generalkonsulates.
- Bestechung bzw. der Versuch der Bestechung von Mitarbeitern des Generalkonsulates kann neben den strafrechtlichen Konsequenzen ebenfalls die Versagung des Visums zur Folge haben.

- ئەو بەڵگەنامانەی بە زمانێکی دیکەی جیا لە ئەڵمانین، پێویستە لەگەڵ وەرگێڕانێکی ئەڵمانی دانپێدانراو پێشکەش بکرێن. تەنیا پەڕەی زانیارییەکانی پاسپۆرت لەمە بەدەرە.
- بڕوانامە و بەڵگەنامەی دیکەی هاوشێوە پێویستە بە نوسخەی ئەسڵی و پشتڕاستکراوە (تەصدیقکراو) پێشکەش بکرێن. دوای تەواوبوونی کارکردن لەسەر داواکارییەکە، نوسخە ئەسڵییەکانتان بۆ دەگەڕێنرێنەوە.
- ڤیزاکە پێویستی بە ڕەزامەندی فەرمانگەی بیانیانی تایبەتمەند هەیە. تەنیا دوای ڕەزامەندی ئەم لایەنە دەکرێت ڤیزاکە بدرێت.
- **ماوەی ئاسایی بۆ کارکردن لەسەر داواکارییەکان 8 تا 10 هەفتە دەخایەنێت، لەهەندێک حاڵەتدا زیاتریش.**
- لە کاتی پێشکەشکردنی داواکارییەکە بلیتی فڕۆکە پێویست نییە – تکایە دوای وەرگرتنی ڤیزاکە ئینجا بلیتی گەشت بکڕن.
- کونسوڵگەری مافی ئەوە بۆ خۆی دەهێڵێتەوە، داوای بەڵگەنامەی زیاتر بکات.
- کەموکوڕیی لە بەڵگەنامەکاندا دەکرێت پرۆسەی داواکارییەکە دوابخات و یان ببێتە هۆی ڕەتکردنەوەی.
- **تکایە لە ماوەی چاوەڕوانکراوی کارکردن لەسەر داواکارییەکان، دەستبەرداری پرسیارکردن بن سەبارەت بە ئاستی کارکردن لەسەر داواکارییەکانتان.** ئەم کارانە بارگرانییەکی زۆر لەسەر بەشی ڤیزا دروست دەکەن، بۆیە ئەم جۆرە پرسیارانە وەڵام نادرێنەوە.
- تەواوی بەڵگەنامەکان (پەڕەی زانیاری و فۆڕمەکان) بێبەرامبەرن. تەواوی زانیارییەکان سەبارەت بە چۆنێتی پێشکەشکردنی داواکاری لەسەر ماڵپەڕی کونسوڵگەریی گشتی دەست دەکەون.
- بەرتیلدان یاخود هەوڵی بەرتیلدان بە کارمەندانی کونسوڵگەریی گشتی، جگە لە لێکەوتە یاساییە سزاییەکانی، دەکرێت ببێتە مایەی ڕەتکردنەوەی داواکاری ڤیزاکەش.

## Allgemeine Informationen — زانیاریی گشتی

Für die Fälle, in denen der ausländische Berufsabschluss (noch) nicht vollständig anerkannt ist, bietet §16d AufenthG die Möglichkeit, durch in Deutschland zu absolvierende Qualifizierungsmaßnahmen eine volle Gleichwertigkeit bzw. die Erteilung der Berufsausübungserlaubnis zu erreichen. Nach erfolgreichem Abschluss der Qualifizierungsmaßnahmen besteht die Möglichkeit, bis zu 12 Monate nach einem Arbeitsplatz zu suchen, zu dessen Ausübung die Qualifikation befähigt.

لەو حاڵەتانەدا کە بڕوانامەی خوێندنی پیشەیی (هێشتا) تەواو دانی پێدانەنرابوو، ئەوا مادده 16d لە یاسای مانەوەی ئەڵمانیا دەرفەتی ئەوەتان دەداتێ، لە ڕێی ئەو ڕێکارانەی پێگەیاندنەوە کە دەکرێت لەوێ تەواوبکرێن یەکسانکردنێکی تەواو یاخود پێدانی مۆڵەتی کارکردنی پیشەیی وەدەست بێنن. دوای تەواوکردنێکی سەرکەوتووانەی ڕێکارەکان دەرفەتی ئەوەتان دەبێت، تا 12 مانگ بەدوای کارێکدا بگەڕێن، کە توانستەکەیتان وەدەست هێناوە.

Die nachfolgende Liste ermöglicht es Ihnen, durch Ankreuzen nachzuprüfen, ob Ihre Antragsunterlagen vollständig sind. Alle hier aufgeführten Dokumente sind in der erbetenen **Form und Reihenfolge** vorzulegen.
ئەم لیستەی خوارەوە بۆ ئەوەیە، لە ڕێگای نیشانکردنەوە لەوە دڵنیا ببنەوە، ئاخۆ بەڵگەنامەکانتان تەواون یان نا. پێویستە تەواوی ئەو بەڵگەنامانە بە **شێوەی** ئاماژەپێکراو و بە گوێرەی **ئەم ریزبەندییە** پێشکەش بکرێن.

## Checkliste Visumantrag

Die nachfolgenden Unterlagen sind für jeden Antrag vollständig vorzulegen, auch im Fall von gemeinsam reisenden Personen (z.B. Ehegatten oder Kinder).

Alle Unterlagen sind mit einer Übersetzung in die deutsche Sprache vorzulegen.

Alle kurdischen Personenstandsurkunden müssen durch das Department of Foreign Relations in Erbil vorbeglaubigt sein, andere irakische Urkunden durch das irakische Außenministerium in Bagdad.

## لیستی ئەو بەڵگەنامانەی بۆ داواکردنی ڤیزا پێویستن

پێویستە تەواوی ئەو بەڵگەنامانەی لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە، لەگەڵ هەر داواکارییەک پێشکەش بکرێن هەتا ئەگەر هاتوو داواکارییەکە بۆ گەشتکردنی پێکەوەییش بێت (بۆ نموونە خێزانی بێت).
دەبێ تەواوی بەڵگەنامەکان لەگەڵ وەرگێڕانێکی ئەڵمانی پێشکەش بکرێن.

تەواوی بەڵگەنامانەی باری کەسیی کە لە هەرێمی کوردستان دەرچوون، پێویستە لەلایەن فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە پشتڕاست بکرێنەوە (تەسدیق بکرێن)، بەڵگەنامەی دیکەی عێراقی پێویستە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە بەغدا پشتڕاست بکرێنەوە.

| | | **Fehlt:** **کەمە:** |
|---|---|---|
| | Zwei (2) Antragsformulare einschließlich Belehrungen nach § 54 AufenthG, vollständig ausgefüllt und unterschrieben. Deutsch oder Englisch, vollständig lesbar ausgefüllt, eigenhändig unterschrieben.<br>Nutzen Sie bitte keine Formulare für Schengenvisa!<br><br>دوو نوسخە لە فۆڕمی داواکاریی ڤیزا لەگەڵ ڕوونکردنەوەی پێویست بە گوێرەی مادده 54 لە یاسای مانەوەی ئەڵمانیا، کە بەتەواوی پڕکرابنەوە و لە لایەن کەسی داواکار واژۆ کرابن.<br>تکایە فۆڕمی داواکاریی ڤیزای شێنگن بەکار مەهێنن. | |
| | 3 identische biometrische Passfotos, nicht älter als 6 Monate,<br>2 Fotos kleben Sie auf die Anträge, 1 Foto bitte lose beifügen<br><br>سێ وێنەی بایۆمەتری هاوشێوە کە لە شەش مانگ کۆنتر نەبن،<br>دووان لە وێنەکان بە داواکارییەکانەوە بلکێندرێن و یەکێکیشیان هەروا لەگەڵیان دابنرێت. | |
| | Gültiger Reisepass, eigenhändig unterschrieben, mit mind. zwei (2) leeren Seiten.<br><br>پاسپۆرتێک ماوەی کارپێکردنی مابێت (واژۆ کرابێت و لانی کەم دوو لاپەڕەی تەواو بەتاڵی مابن) | |

| | | |
|---|---|---|
| | Zwei (2) einfache Kopien der Datenseite Ihres gültigen Reisepasses. Kopieren Sie bitte die laminierte Datenseite und alle Seiten, die Visa, Stempel oder Eintragungen enthalten<br><br>دوو نوسخەی کۆپی پاسپۆرت. تکایە لاپەڕەی زانیارییەکسییەکان و هەموو ئەولاپەڕانەی ڤیزا، مۆر یاخود تۆماری دیکەیان لەسەرن کۆپی بکەن. | |
| | Lebenslauf, 2 unterschriebene Exemplare<br><br>ژیاننامە، بە دوو نوسخەی واژۆکراو | |
| | Nachweis bereits vorhandener Deutschsprachkenntnisse im Original und zwei (2) Kopien (in der Regel mind. A 2, in Pflege- und Gesundheitsberufen mind. B 1)<br><br>بەڵگەی توانستی زمانی ئەڵمانی بە نوسخەی ئەسڵی و دوو کۆپی (زۆربەی کات بە ئاستی لانیکەم A2، بۆ پیشەکانی پزیشکی و پەرستاری لانیکەم ئاستی B1) | |
| | **Bescheid** der für die berufliche Anerkennung zuständigen Stelle aus Deutschland über die Erforderlichkeit von Anpassungs- oder Ausgleichsmaßnahmen für die Feststellung der Gleichwertigkeit der Berufsqualifikation oder die Erteilung der Erlaubnis zur Berufsausübung, im Original und mit zwei (2) Kopien.<br><br>Näheres zum Thema Anerkennung unter: www.anerkennung-in-deutschland.de<br><br>**بڕیاری** فەرمانگەی تایبەتمەند بە دانان بە کارامەیی پیشەیی لە ئەڵمانیا سەبارەت بە پێویستیی ڕێکارەکانی گونجاندن یان بۆ دیاریکردنی یەکسانکردنی کارامەیی پیشەیی یان پێدانی مۆڵەتی کاری پیشەیی، بە نوسخەی ئەسڵی و دوو کۆپی.<br><br>زانیاری زیاتر سەبارەت بە دانپێدانان لەسەر ئەم لینکە هەن: www.anerkennung-in-deutschland.de | |
| | **falls im Defizitbescheid vorgesehen** ist:<br><br>- Anmeldung für theoretische Lehrgänge, betriebliche Qualifizierungsmaßnahmen (mit Weiterbildungsplan) oder Prüfungsvorbereitungskurse im Original mit zwei (2) Kopien und/oder<br>- Anmeldung zur Kenntnisprüfung und ggfs. Anmeldung zum Vorbereitungskurs Auf die Kenntnisprüfung im Original mit zwei (2) Kopien Und/oder<br><br>**ئەگەر لە بڕیاری هەبوونی کەموکوڕییدا هاتبوو:**<br>- تۆمارکردن بۆ خوێندنی بەشە تیۆرییەکان، ڕێکاری پێگەیاندن لە کۆمپانیا (لەگەڵ خشتەی پێگەیاندنەکە) یان هی کۆرسی ئامادەکاری بۆ تاقیکردنەوە، بە نوسخەی ئەسڵی و دوو کۆپی<br>- تۆمارکردن بۆ تاقیکردنەوەی شارەزایی یان هەروەها تۆمارکردن بۆ کۆرسی ئامادەکاریی بۆ تاقیکردنەوەی شارەزایی، بە نوسخەی ئەسڵی و دوو کۆپی | |
| | **falls im Rahmen der Qualifizierungsmaßnahme ein Deutschsprachkurs vorgesehen** ist:<br><br>- Anmeldebestätigung der Sprachschule mit Angabe der Anzahl der Wochenstunden des gebuchten Kurses (Intensivkurs mit mind. 18 Stunden pro Woche) und Bestätigung der Zahlung der Kursgebühr im Original mit zwei (2) Kopien<br><br>**ئەگەر هاتوو لە چوارچێوەی ڕێکارەکانی پێگەیاندن کۆرسی زمانی ئەڵمانی بە پێویست دانرابوو:**<br><br>- پشتگیری ناونووسین لە کۆرسی زمان لەگەڵ زانیاری سەبارەت بە کاتژمێرەکانی دەرسخوێندن لە هەفتەیەکدا (کۆرسی چڕ بە لانیکەم 18 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا) لەگەڵ پشتگیریی دانی پارەی کۆرسەکە، بە نوسخەی ئەسڵی و دوو کۆپی | |

| | | |
|---|---|---|
| | Qualifikationsnachweise, z.B. Diplome, Zeugnisse, Hochschulabschluss (mit Beiblatt) im Original und mit zwei (2) Kopien.<br><br>بەڵگەی کارامەیی: بڕوانامەی خوێندنی زانکۆیی (لەگەڵ پاشکۆیەکەی) بە نوسخەی ئەسڵی و دوو کۆپی | |
| | 2 Kopien Nachweise über ausreichende Mittel zur Bestreitung des Lebensunterhaltes (mindestens 1027,40 € pro Monat mittels Sperrkonto oder Verpflichtungserklärung mit nachgewiesener Bonität), alternativ kann auch ein Arbeitsvertrag eingereicht werden sofern Sie parallel zur Maßnahme betrieblich beschäftigt werden<br><br>دوو کۆپی بەڵگەی دابینکردنی دارایی بۆ خەرجی گوزەران (لانیکەم 1027.40 یورۆ بۆ هەر مانگێک لەسەر هەژمارێکی بانکی داخراو یان بەڵێننامەیەکی سەلمێنراو بە توانای دارایی)، یان گرێبەستێکی کار، ئەگەر هاتوو داواکار هاوکات لەگەڵ ڕێکارەکانی پێگەیاندن، کار بکات. | |
| | **Falls vorhanden:**<br><br>Arbeitsvertrag oder Arbeitsplatzangebot für anschließende Tätigkeit und vom Arbeitgeber ausgefüllter und unterschriebener Vordruck: „ Erklärung zum Beschäftigungsverhältnis“ mit Zusatzblatt A im Original und zwei (2) Kopien<br><br>**ئەگەر هەبوو:**<br><br>گرێبەستی کار یان پێشنیاری (عرض) کار لەگەڵ فۆڕمی "ڕونکردنەی پەیوەندیی پیشەیی" لەگەڵ پاشکۆیەکەی، کە لەلایەن خاوەن کارەوە پڕکرابێتەوە و واژۆکرابێت، بە نوسخەی ئەسڵی و دوو کۆپی | |
| | Nachweis über ausreichenden Krankenversicherungsschutz spätestens bei Abholung des Visum vorzulegen<br><br>**بەڵگەی بیمەی تەندروستی پێویست، کە دواترین کات لەگەڵ وەرگرتنەوەی ڤیزا پێشکەش بکرێت** | |

## Visumgebühren in Dollar

| | | |
|---|---|---|
| | Die Visumgebühren betragen 75 Euro und sind zum aktuellen Wechselkurs in US-Dollar zu bezahlen! Euro und Irakische Dinar können weder angenommen, noch getauscht werden.<br><br>ڕەسمی ڤیزا بریتییە لە 75 یورۆ کە بەگوێرەی نرخی گۆڕینەوەی کاتی دانی ڕەسمەکە بە دۆلار دەدرێت. یورۆ و دیناری عێراقی وەرناگیرێن و ناگۆڕدرێنەوە. | |

## Vollständigkeit

Der Antrag ist vollständig: ☐Ja ☐ Nein, es fehlen noch oben angekreuzte Angaben/Unterlagen

داواکارییەکە تەواوە: بەڵێ ☐، نەخێر ☐، ئەو بەڵگەنامە یاخود زانیارییانەی نیشانە کراون، پێشکەش نەکراون

## Erklärung bei Unvollständigkeit:

Ich wurde darüber informiert, dass mein Antrag unvollständig ist. Mir ist bewusst, dass das Einreichen eines unvollständigen Antrags zur Ablehnung führen kann. Trotzdem möchte ich meinen Antrag einreichen.

______________________________ Ort, Datum, Unterschrift

ڕونکردنەوە لە کاتی هەبوونی کەموکووڕی لە بەڵگەنامەکاندا:
من لەوە ئاگادار کراومەتەوە کە داواکارییەکەم کەموکووڕی هەیە. من ئاگادارام لەوەی کە پێشکەشکردنی داواکاریی ناتەواو لەوانەیە ببێتە مایەی ڕەتکردنەوەی داواکارییەکە. سەرەڕای ئەوەش دەمەوێت داواکارییەکەم پێشکەش بکەم.

______________________________، شوێن، بەروار، واژۆ